ئێران: نابێت ڕێگە بدرێت تیرۆر لە سووریا گەشە بکات و ببێتە مەترسی بە سەر وڵاتانی ناوچەکە

فاتیمە مهاجرانی، وتەبێژی حکومەتی ئێران لە کۆنفراسکی ڕێژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بە ئێران گرنگە کە حکومەتی داهاتووی سووریا بە دەنگی خەڵکی ئەو وڵاتە پێکبهێنرێت و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزرێت.

وتەبێژی حکومەتی ئێران وتوێتی: "نابێت ڕێگە بدرێت تیرۆر لە سووریا گەشە بکات و ببێتە مەترسی بە سەر وڵاتانی ناوچەکە".

سەبارەت بە ئێگەری کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئێران لە سووریا دوای ڕووخانی ڕژێمی سووریا بەسەرکایەتی بەشار ئەسەد، وتەبێژی حکومەتی ئێران ئاماژەی بەوەکرد، حکومەتی ئێران ئامادەیە باڵیۆزخانەی خۆی لە دیمەشق بکاتەوە و وتیشی: "گفتوگۆکانمان بە کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئێران لە سووریا بەردەوامن".